# پاراستنی یاسایی مافی ئاماژە جوگرافییەکان بە پێی یاسای عێراقی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان

م.ی. ڕێبوار مغدید محمود[1]، م.ی. بەشدار عبدالله محمد[2]
١ بەشی یاسا/ فاکەڵتیی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن/ زانکۆی سۆران – ئیدارەی سەربەخۆی سۆران – هەرێمی کوردستان – عێراق.
٢ بەشی یاسا/ فاکەڵتیی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن/ زانکۆی سۆران – ئیدارەی سەربەخۆی سۆران – هەرێمی کوردستان – عێراق.

**پوختە**

ئاماژە جوگرافییەکان کەوا لقێکن لە لقەکانی خاوەندارێتی هزری بریتین لە کۆمەڵە ئاماژەیەک کە دادەندرێن لەسەر کەلوپەلەکان بە جۆرێک کەوا سەرچاوە جوگرافییەکانیان پیشان دەدات، ئەمەش کۆمەڵێک تایبەتمەندی دیاریکراوی خۆی هەیە، هەرچەند ئاماژە جوگرافییەکان وەك جیاکردنەوە و ناسینەوەی بەرهەمی شوێنێك هەر لەکۆنەوە مرۆڤ بەکاری هێناووە، بەڵام مێژووی ڕێکخستنی یاسایی بۆ بابەتی ئاماژە جوگرافییەکان و دانانی پێی وەك مافێکی هزری جیاواز لە مافی عەینی مێژوویێکی دووری نییە.

ئاماژە جوگرافییەکان بە یەکێک لە گرینگترین ئامرازەکانی پارستنی بەرهەمە نیشتمانییەکان دادەندرێن، بۆیە پێویستە پاراستنی یاساییان بۆ بکرێت، یاسای عێراقی هەڵوێستی داوە لەسەر ئاماژەی جوگرافی بەڵام "تسمیات المنشأ"ی باس نەکردووە لە کاتێکدا "تسمیات المنشأ" بە بەشێک دادەندرێت لە ئاماژەی جوگرافی و پێویستە پاراستنی بۆ بکرێت. لەم ریڤیوو ئارتیکڵە هەوڵدراوە کەوا تێگە و تایبەتمەندییەکانی ئاماژە جوگرافییەکان لە یاسای عێراقی و ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتییەکان بخاتەروو، وە دواتر ئاماژە بە مەرج و ڕێگا و هۆکارەکانی پاراستنی ئاماژە جوگرافییەکان بکرێت.

لە کۆتاییدا یەکێک لە گرینگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە بە دەست گەیشتن بریتیە لەوەی کەوا ئەو بەرهەمانەی بە ئاماژەی جوگرافی جیادەکرێنەوە، داخوازی زیاتریان لەسەرە و هۆکارێکی بنەرەتییە بۆ گەشەپێدانی ئابووری وڵات، بۆیە پێشنیار دەکرێت کەوا پێویستە سالانە ڤیستیڤاڵ و پیشانگای تایبەت بە بەرهەمە ناوخۆییەکان ڕێکبخرێت، بە مەبەستی پیشاندانی سەرچاوەی بەرهەم هێنانیان و چۆنیەتی ئامادەکردنیان بۆ ئەوەی بتواندرێت لە پێشێلکارییە دەرەکییەکان بپارێزرێت.

**کلیلە ووشە: ئاماژەی جوگرافی، پاراستنی یاسایی، ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی، شوێنی جوگرافی، ناوی جوگرافی، بەرهەم و کەلوپەل.**

## 1. پێشەکی

ئاماژە جوگرافییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لەسەر بوژانەوەی کشتوکاڵ و پیشەسازی ناوچەیی. ئەگەر بتوانرێت ئاماژە جوگرافییەکان بپارێزرێن و بۆ جیاکردنەوەی بەرهەمی ناوچەکان بەکاربهێنرێن، ئەوکاتە ئەو ناوچانەی کە بە جۆرێك لە بەرهەم ناوبانگی هەیە، وا دەکات زیاتر

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 3 ، العدد 2 (2022)
أُستلم البحث في 13 مايو 2022؛ قُبل في 20 أكتوبر 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 9 ديسمبر 2022
البريد الإلكتروني للمؤلف: bashdar.muhammed@soran.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2022 ڕێبوار ، بەشدار. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC0

برەو بە بەرهەمەکەیان بدەن و خواستی لەسەر زیاد دەبێت. بێگومان ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کوالێتی ئەو بەرهەمە بەرزتر و بە جیاوکێك لەبەرهەمی شوێنەکانی تر جیادەکرێتەوە، بۆیە پاراستنی یاسایی ئاماژە جوگرافییەکان کاریگەری باشی دەبێت لەسەر پاراستنی بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و بەرهەمە فۆلکلۆریەکان، هەروەك چۆن کاریگەری دەکاتە سەر پاراستنی بەکاربەر، چونکە بەکاربەر لە ڕێگەی ئاماژەی جوگرافی دڵنیا دەبێتەوە لە کوالێتی ئەو بەرهەمەی کە دەیکڕێت.

## یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی پاراستنی یاسایی مافەکانی ئاماژە جوگرافییەکان

هەر لەو کاتەوە کە مرۆڤ پێی ناوەتە قۆناغی کشتوکاڵ، ئاماژە جوگرافییەکانیش بەدیارکەوتوون، چونکە ئەو بەرهەمەی کە بەرهەم دەهێنرێت، بێگومان کاریگەر دەبێت بەو خاك و ئاو و هەوایەی کە لە شوێنەکە هەیە، تەنانەت ئاژەڵ و بەرووبوومە ئاژەڵیەکانیش دەکەونە ژێر کاریگەری کارتێکەرە سروشتی و جوگرافییەکان، بۆیە بەرهەمەکانی شوێنێك جوانتر و هی شوێنێکی تر بە تامتر دەبن. هەروەها توانا مرۆییەکانیش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازن، بۆیە هەندێك شوێن بە هەندێك بەرهەمی دەستی دەناسرێ و جیا دەکرێتەوە لە کۆی بەرهەمی شوێنەکانی تر، بۆیە ئەمە شتێکی کۆنە کە مرۆڤ ئاماژە جوگرافییەکانی بەکارهێناوە بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی بەرهەمێك لە بەرهەمی شوێنەکانی دیکە.

هەرچەند ئاماژە جوگرافییەکان وەك جیاکردنەوە و ناسینەوەی بەرهەمی شوێنێك هەر لەکۆنەوە مرۆڤ بەکاری هێنابێت، بەڵام مێژووی ڕێکخستنی یاسایی بۆ بابەتی ئاماژە جوگرافییەکان و دانانن پێی وەك مافێکی هزری جیاواز لە مافە عەینی و داراییەکان، شتێکی نوێیە، چونکە کۆنترین هەوڵ و ڕێکخستنی یاسایی سەبارەت بەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەستپێکی شۆڕشی پیشەسازی" Industrial Revolution" کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە دەستیپێکرد، ئەوروپییەکان کە خاوەن بەرهەم بوون داوایان دەکرد بەرهەمەکانیان بپارێزرێن لەسەر بنەمای ئاماژەی جوگرافی (سلیمان ٢٠١٨، ١٣٧٦).

توێژینەوە هەڵبژێردراوەکان هەرچەند ئاماژەیان بە سەرەتای سەرهەڵدانی پاراستنی یاسایی ئاماژە جوگرافییەکان کردبێت، بۆ ئەوەی بتوانین تێگەی بابەتەکە لە ڕێگای زانیاریەکانەوە بە جوانترین شێوە لای خوێنەر وێنا بکەین، باشتر ئەبێت وەك ئەوەی هەندێك لە توێژەران کردوویانە(Harvey,2017) ئاماژە بە هۆکاری پاڵنەر بکەین، واتە ئەو هۆکارەی کە وای لە ئەوروپییەکان کردووە بیر لە پاراستنی یاسایی ئاماژەی جوگرافی بکەنەوە؛ کاتێك ئەوروپییەکان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆچیان دەکرد، داری مێو و شێوازی بەرهەمهێنانیان لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆ ئەوێ، بۆیە کاتێك شەرابیان بەرهەم دەهێنا بە ناوی "Champagne" شامپانیا ناویان دەنا هەمان ئەو ناوەی کە لە فەرەنسا ناویان لێنابوو، و"Champagne" ناوی هەرێمێکە لە فەرەنسا و شەرابی شامپانیا ئاماژەیەکی جوگرافییە بۆ بەرهەمەکە، سەبارەت بە هەموو بەرهەمەکانی تریش بەم شێوازەبوو، بۆیە ئەوروپییەکان بەردەوام بوون لە هەوڵدان تاوەکو بۆ یەکەمجار توانرا ئاماژە جوگرافییەکان بخرێنە چوارچێوەی بەند و ماددەی یاساییەوە و لە چوارچێوەی بەند و بڕگەکانی ڕێککەوتنی پاریس بۆ پاراستنی بەرهەمە پیشەسازیەکانی ساڵی 1883 جێگیرکران. بۆیە دەتوانین بڵێین کە هۆکاری سەرهەڵدانی پاراستنی یاسایی مافی ئاماژەی جوگرافی بریتیی بوو لە هۆکاری کێبڕکێکردنی ناڕەوا لە لایەن وەبەرهێنەری دەرەکییەوە نەك وەبەرهێنەرانی ناوەخۆ.

جێگای ئاماژە پێکردنە، ئاماژە جوگرافییەکان بە ناوی "تسمیات المنشأ" لە ڕێککەوتننامەی ساڵی 1883 جێگیرکران، بەڵام عیبرەت بە مانا و مەبەستەکەیە نەك بە ووشەکان. دواتر لە ساڵی 1958 ڕێککەوتننامەی لشبۆنە، و دواتریش لە ساڵی 1994 ڕێککەوتننامەی تریبس واژووکران؛ کە تیایدا ئاماژە جوگرافییەکان وەکو مافێکی خاوەنداریەتی هزری دانیان پێدانرا.

دوا بەدوای یەکەمین ڕێککەوتنی ساڵی 1883 وردە وردە وڵاتان ئەحکامی تایبەت بە پاراستن و ڕێکخستنی ئاماژە جوگرافییەکانیان لە نێو یاساکانیان جێگیردەکرد، بەڵام یاسادانەری عێراقی تا ساڵی 2004 و دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکا، ئاماژەی بە ئاماژە جوگرافییەکان نەکردبوو.(1)

## دووەم: پێناسەی مافەکانی ئاماژە جوگرافییەکان

ئاماژەی جوگرافی لە هەردوو ووشەی "ئاماژە" و "جوگرافی" پێك هاتووە، ئاماژە لە ڕووی زمانەوانییەوە بە واتای دەستنیشانکردن، پەنجەدرێژکردن بۆ تشتێك، نیشانکردن، ئاماژەپێدان دێت(فەرهەنگی ئەناهیتا ٢٠٢٠)، مەبەست لە جوگرافی بریتییە لە شوێنێکی دیاریکراو، بۆیە کاتێك ووشەی جوگرافیا دەخرێتە پاڵ ووشەی ئاماژە، مانای دەستنیشانکردن و ئاماژەکردن بە شوێنێکی جوگرافی دیاریکراو دەگەیەنێت(2)، ئەگەر لە ڕووی زمانەوانییەوە ئاماژەی جوگرافی ئەمە پێناسەکەی بێت، بەڵام لە ڕووی دەستەواژەوە بۆ ئەوەی تێگەکەیمان بۆ ڕوون ببێتەوە لە ئاستی "فقهی، تشریعی، ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتییەکان" لەسەر پێناسەکەی دەوستین:

### ١. پێناسەی فقهی

هەندێك پێناسەی ئاماژەی جوگرافییان کردووە بە: "ناوانێکی جوگرافیین، لەسەر بەرهەمەکان دادەنرێن بۆ ئەوەی لە بەرهەمەکانی دیکە جیابکرێنەوە لە ڕووی دیاریکردنی جۆر و ئەو لایەنەی کە لێی بەرهەم هاتووە بۆ خەڵك" ئێمەش هاوڕاین لەگەڵ ئەوانەی کە پێیان وایە ئەم

پێناسەیە پێناسەی نەزانراوێکی کردووە بە نەزانراوێك (سلیمان ١٣٧٧،٢٠١٨)، کە ئەمەش پێچەوانەی بنەما لۆجیکییەکانە چونکە دوو نەزانراو نامانگەیەننە هیچ ئەنجامێك. لە لایەکی دیکە هەروەك چۆن رەخنەی لێگیراوە (سلیمان ٢٠١٨، ١٣٧٧) ئاماژەی جوگرافی و عەلامەی بازرگانی تێکەڵکردووە، چونکە وەزیفەی ئاماژەی جوگرافی لەوە کورتکردۆتەوە؛ کە بریتییە لە جیاکردنەوەی بەرهەمەکان لە یەکتری. رەخنەیەکی تریش کە وا دەکات پێناسەکە دەقیق نەبێت؛ بریتییە لە دانەنانی پێوەرێکی تەسك بۆ دیاریکردنی ئەو بەرهەمانەی کە ئاماژەی جوگرافیان دەخرێتە پاڵ، کە باشترین پێوەریش بریتییە لە سروشتی بەرهەمەکان: لە کشتوکاڵی، پیشەسازی، خۆراکی، حیرەفی.

سەرەڕای ئەم رەخنانە دەتوانین رەخنەیەکی تر ئاراستەی ئەم پێناسەیە بکەین، چونکە پێناسەکە هەرچەند ئاماژەی بەو شوێنەوارانە کردووە کە لە ئاماژە جوگرافییەکە دەکەونەوە"التمیز"، بەڵام سروشتی ئەو مافەی دیاری نەکردووە کە ئاماژەی جوگرافی دەیدات. بۆیە هەندێك کە بە ئاماژەی جوگرافی دەڵێن "تسمیە المنشأ"، پێناسەیان کردووە بە: "ناوونانی بەرهەمێکی دیاریکراو و پەیوەستە بە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو لە رووی کارتێکەرە سروشتی و مرۆییەکانەوە و بەها و چێژ یان سەلیقەیەکی تایبەت بە شتەکە دەدات"(الهاشمي ٢٠١٨، ٨).

وانەبێت توێژەر پێناسەی فقهی بێنێت و رەخنەیان لێبگریت، و دواتر واز بێنێت؛ بەڵکو ئەم رەخنانە پێویستە لەپێناو گەیشتن بن بە پێناسەیەکی تۆکمە و تەواو بۆیە دکتۆر تاڵب برایم پێناسەی ئاماژەی جوگرافی دەکات بەوەی کە "**ناوی ناوچەیەکی**[3] دیاریکراوە لە هەرێمێکی دیاریکراو، دەلالەت دەکات لەسەر ئەوەی کە بەرهەمەکە هی ئەو ناوچەیەیە کە بەوە جیادەکرێتەوە جۆرەکەی زۆرچاکە و ناوبانگێکی تاکی هەیە و -کە ئەو ناوبانگ و باشێتییەی- دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنە جوگرافییەی کە لێی بەرهەم بەرهەمهاتووە و پرۆسەی بەرهەم هێنانەکەشی لە خودی شوێنە جوگرافیەکە دەبێت"(سلیمان ٢٠١٨، ١٣٨٠). ئەم پێناسەیە تا رادەیەکی زۆر ورد و دەقیقە و سەرکەوتووە لە وێناکردنی پێناسەکراودا، چونکە نەزانروی بە نەزانراو پێناسەنەکردووە، هەروەها هەوڵی داوە بە تەواوی لە تێکە نزیکەکانی تر جیای بکاتەوە، لە گرنگترین خاڵی بەهێزی ئەم پێناسەیە بریتییە لەوەی کە بەرهەمهێنانی ئەو شتەی کە بە ئاماژەیەکی جوگرافی ناودەبرێت، پێویستە لەهەمان شوێنە جوگرافیەکە بێت؛ کە ئەمەش خودی کێشەی نێوان وڵاتانی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هۆکاری هاتنەکایەی ئەم مافی خاوەندارێتی هزرییە بووە

**٢. پێناسەی یاسایی**

کاتێك ئێمە باس لە پێناسەی یاسایی ئاماژە جوگرافیەکان دەکەین، مەبەستمان لە خودی ئەو یاساییانەیە کە لەسەر ئاستی نیشتیمان و وڵاتێکی دیاریکراو لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەکرێن، هەروەها ئەو پێناسانەش دەگرێتەوە کە لە رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانەوە هاتوون، بۆیە لە دوو خاڵی جیاواز ئاماژەیان پێ دەکەین:

**١_ پێناسەی ئاماژە جوگرافییەکان لە یاسا نێوەخۆییەکان**

ئەگەر سەرنج بدەینە یاساکانی عێراقی ئەبینین کە یاسادانەر هیچ گرنگی بەم مافەی خاوەنداریەتی هزرییە "ئاماژە جوگرافییەکان" نەداوە و شتێکی نەناسراوە سەبارەت بە سیستەمی یاساییمان، بەڵام کاتێك عێراق لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داگیرکرا، دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان ئەم بابەتەی لەچوارچێوەی یاسای "العلامات والبیانات التجاریة" ژمارە (21)ی ساڵی 1957 دا رێکخست بۆیە لە هەموارەکەدا پێناسەی ئاماژەی جوگرافی کردووە و دەڵێت: "ئاماژەی جوگرافی ئاماژەیەکن شوێنی پێگەیشتنی کەلوپەلێك لە هەرێمی دەوڵەتێك یاخود ناوچەیەك یاخود شوێنێك(جهة) لەناو ئەو هەرێمە دیاری دەکات کاتێك جۆر یاخود ناوبانگ یاخود تایبەتمەندیەکانی تری کەل و پەلەکە بیداتە پاڵ ئەو شوێنە جوگرافیەی کە لێیەوە بەرهەمهاتووە"[4]. ئەم پێناسەیەی یاسادانەری عێراقی تەنها ئاماژە و هێما دەگرێتەوە و ناوی جوگرافی ناگرێتەوە، بە پێچەوانەی ئەو پێناسە فقهیانەی کە خستمانە روو کە تەنها ناوی جوگرافی دەگرنەوە.

**٢_ پێناسەی ئاماژەی جوگرافی لە رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان[5]:**

**١_ رێککەوتننامەی پاریس بۆ پاراستنی خاوەنداریەتی پیشەسازی ساڵی 1883**

ئەم رێککەوتننامەیە هیچ پێناسەیەکی سەبارەت بە ئاماژەی جوگرافی لە خۆ نەگرتووە، تەنها ئەوەندە نەبێت؛ لە برگەی دووەمی ماددەی یەکەمدا هاتووە کە : "پاراستنی خاوەنداریەتی صناعی...... تسمیات المنشأ دەگرێتەوە"، بۆیە لەم رێککەوتنە ئاماژەی جوگرافی بە "تسمیات المنشأ" ناوبرداوە، بەڵام هیچ پێناسەیەك نەخراوەتەڕوو کە مەبەستی "تسمیات المنشأ" روونبکاتەوە ( Paris Convention for the Protection of Industrial Property).

**٢_ رێککەوتننامەی لشبۆنەی ساڵی 1958 (**اتفاقیة لشبونة لسنة 1967**).**

برگەی 1 لە ماددەی 2 ی رێککەوتننامەی لشبۆنەی ساڵی 1958 ئاماژەی جوگرافی بە "تسمیة المنشأ" ناوبردووە و پێناسەی کردووە بە: "ناونانێکی جوگرافییە بۆ هەر وڵات یاخود هەرێم یاخود لایەك، کە بەکاردەهێنرێت بۆ دەلالەتکردن لەسەر یەکێك لەو بەرهەمانەی کە لەم وڵات یاخود هەرێم یاخود لایەك سەریهەڵداوە، کە کوالێتی و تایبەتمەندیەکانی بەتەواوی یاخود بنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی جوگرافی، بە کارتێکەرە سروشتی و مرۆییەکانیشەوە".

**٣_ ڕێکەوتنامەی تریبسی ساڵی 1994**

ئەم ڕێککەوتننامەیە گرنگیەکی زۆری بە ئاماژە جوگرافیەکان داوە و لە ماددەی 22 هاتووە پێناسەی ئاماژەی جوگرافی کردووە بەوەی کە "بریتییە لەو ئاماژانەی کە بنچینەی بەرهەمهاتنی کەلوپەلێك لە زەویەکانی وڵاتێکی ئەندام دیاریدەکات، یاخود لە ناوچەیەك یاخود شوێنێك لەم زەویانە، کاتێك جۆر و ناوبانگ، یان ڕووکارەکانی تری ئەم کەلوپەلە بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنە جوگرافیەی کە لێی بەرهەمهاتووە" ( The **Agreement** on Trade-Related Aspects of Intellectual Property Rights). هاوڕاین (حمدان ٢٠١٨،١٥) کە بەسەرنج دانە پێناسەی "تسمیات المنشأ" کە لە ڕێککەوتننامەی لشبۆنەدا هاتووە بۆمان بەدیار دەکەوێت کە ئاماژەی جوگرافی "ناونانێکی جوگرافییە" واتە ئاماژەی جوگرافی تەنها ناوی جوگرافی دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر وێنە و ئاماژە و هێما بن ئەوکاتە ئەمانە بە ناونان هەژمار ناکرێن و ڕێککەوتننامەی لشبۆنە نایان پارێزێت. بەڵام کاتێك سەرنج بدەینە پێناسەی ئاماژە جوگرافییەکان کە لە ڕێککەتننامەی تریبس هاتووە بۆمان دەردەکەوێت کە ئاماژە جوگرافییەکان بەدەر لە ناوی جوگرافی، تەنها هێما و ئاماژە "signs and symbols" دەگرێتەوە، چونکە پێناسەکە دەڵێت : ئاماژەی جوگرافی "بریتییە لەو ئاماژانەی کە...".

بۆیە "ئاماژە جوگرافییەکان" و "تسمیات المنشأ" جیاوازن، ئاماژە جگە لە ناونان، هەر ئاماژەیەك دەگرێتەوە کە دەلالەت لە بەرهەمی ناوچە و شوێنێکی دیاریکراو بکات، بەڵام تسمیات ناونانی جوگرافی دەگرێتەوە.

ئەوەی تێبینیمان کرد زۆربەی توێژەران کاتێك دێن توێژینەوەیەك سەبارەت بە ئاماژەی جوگرافی ئەنجام بدەن، هەموویان گرنگی دەدەن بە ڕوونکردنەوەی مانا و تێگەی دەستەواژەکە، چونکە دەستەواژەکە نەزانراوە و مەبەست و چوارچێوەکەی دیار نییە، هەروەها لەگەڵ چەندین دەستەواژەی تر لەیەکتری نزیك دەبنەوە، بۆیە لەم پێناوەدا گرنگی زۆریان بە پێناسەکردنی بابەتەکە داوە و تاوەکو تێگەکە بەتەواوی دیاربێت و چوارچێوەکەی بزانرێت و لە بابەتێکی نەزانراوی وێناکراو بگوڕدرێ بۆ زانراوێکی وێناکراوی ڕاست، بۆیە هەوڵیانداوە لێکۆڵینەوە لەسەر پێناسەکەی لە سێ ئاستی جیاواز ئەنجامبدەن و بەراوردی بکەن بە هەڵوێستی یاسا بەراوردکارەکان.

هەموو ئەو پێناسانەی ئاماژەمان پێکردوون دێن و باسی "ئاماژە جوگرافییەکان- geographical indications" دەکەن، بە هیچ شێوەیەك باسی "مافەکانی ئاماژە جوگرافییەکان- geographical indications rights" ناکەن لەکاتێکدا ئاماژەی جوگرافی بەتەنها بەس نییە، بەڵکو ئەگەر ئاماژەی جوگرافی خاوەنداریەتی هزری بێت، بەڵام ئەوەی گرنگە بریتییە لە مافەکانی خاوەنداریەتی هزری، واتە ئەو مافانەی کە لە ئاماژە جوگرافیەکانەوە دەکەونەوە، بۆیە ئەگەر خاوەنداریەتی هزری بریتییێ لەبەرهەمی فکری مرۆڤ، بەڵام مافی خاوەنداریەتی هزری بریتییە لە سەرجەمی ئەو مافانەی کە یاسا دانی پێدەنێت بۆ کەسێك لەسەر بەرهەمە فکرییەکانی. کەوابێ مافەکانی ئاماژە جوگرافییەکان بریتییە لە هەموو ئەو مافانەی کە بۆ کەسێك یاخود لایەنێك درووست دەبێت لەسەر ئەو ئاماژە جوگرافییەی کە یاسا دانی پێدەنێت بۆ کەس یاخود لایەنەکە.

کاتێك ئەم مافانە بە مافەکانی ئاماژە جوگرافییەکان ناودەبردرێن هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەم بەرهەم و کەلوپەلانە بە دوو کارتێکەرەوە بە شوێنێکی جوگرافی دیاریکراو پەیوەست دەبن ئەوانیش برتیین لە کارتێکەرە سروشتی"ئاو، هەوار، خاك" و کارتێکەرە مرۆییەکان، بەڵام پێویستە کارتێکەرە مرۆییەکان خۆیان لە عورفی ناوچەیی جیاواز و ناوازە لە بواری پیشە و ستایلی بەرهەمێکی دیاریکراو ببیننەوە کە دواجار ئەم کارتێکەرانە وا دەکەن بەرهەم و کەل و پەلەکان مۆرکێکی ناوچەیی و تایبەت وەربگرن و لە ئەوانی تر جیا ببنەوە بە کوالێتییە بەرزەکەیان (عون ٢٠،٢٠١٧).

**سێیەم: تایبەتمەندیەکانی مافی ئاماژە جوگرافییەکان**

**١. مافێکی جەماعییە**

مافی بەکارهێنانی ئاماژەی جوگرافی مافێکی جەماعیە (سلیمان ٢٠١٨، ١٣٨٤)، کە بەرهەمێکی دیاریکراو بە شوێنێکی دیاریکراو دەبەستێتەوە، دەکرێت بەرهەمەکە بە کۆی جوگرافیای وڵاتێك ببەسترێتەوە، یاخود بە هەرێمێك یان دەڤەرێکی دیاریکراو ببەسترێتەوە، وەك کاتژمێری سویسری، یاخود سەبارەت بە هەرێمێکی دیاریکراو وەك پەتاتەی لیداهۆ"LIDAHO"، تایبەتە بە هەرێمی لیداهۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یاخود وەك گوێزی هەورامان کە تایبەتە بە دەڤەرێکی دیاریکراو، بۆیە هەموو ئەو خەڵکەی لە سویسرا کاتژمێر بەرهەم دەهێنێت دەتوانێ لەسەری بنووسێ "سویسری"، هەموو ئەو خەڵکەی لە زەویەکانی هەرێمی لیداهۆ پەتاتە بەرهەم دەهێنن دەتوانن لەسەری بنووسن لیداهۆ، هەموو ئەو خەڵکەی کە لە هەورامان گوێز بەرهەم دێنن دەتوانن لەسەری بنووسن گوێزی هەورامان، بۆیە مافەکە مافێکی جەماعیە و کەسێك ناتوانێ ئەوانی تر منع بکات کە بەکاری بهێنن.

**٢. مافێکی هەمیشەیی و جێگیرە**

مافی بەکارهێنانی ئاماژەی جوگرافی مافێکی هەمیشەییە و لەناو ناچێت وەکو مافی موڵکداری وایە، ئەگەر بەکاریشی نەهێنیت مافەکە لەدەست نادەیت و هەر دەمێنێت بۆیە لێرە وەك حەقێکی عەینی ئەصلی بەدیار دەکەوێت، کە دەڵێین مافەکە جێگیرە مەبەست ئەوەیە کە ئاماژە جوگرافیەکە نابێتە ناوێکی گشتی بە جۆرێك بکرێت بۆ هەر بەرهەمێك بەکاربێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لە یەك کاتدا پەیوەستە بە شوێنێکی جوگرافی و بەرهەمێکی بەناوبانگی دیاریکراو (الهاشمي ٢٠١٨، ١٦).

**٣. مافێکی پەیوەستە**

ئەم مافە پەیوەستە بە جوگرافیایەکی دیاریکراو، بۆیە هەر کەسێك استغلالکردنی زەویەکەی بۆ بگوازرێتەوە و بەکاری بهێنێت بۆ ئەو

بەرهەمەی كە ناوبانگی دەركردووە لەو ناوچەیە ئەو مافەشی بۆ دەگوازرێتەوە (الهاشمي ٢٠١٨، ١٥)، یاخود دەكرێت كەسێكی كورد كاتێك دەچێتە سویسرا و لەوێ نیشتەجێ دەبێت و كاتژمێر درووست بكات لەسەری بنووسێت سویسری، واتە مافەكە پەیوەستە بەوانەی كە نیشتەجێن لە سویسرا و لەوێ كاتژمێر بەرهەم دەهێنن.

**٤. گرنگی و وەزیفەكانی ئاماژە جوگرافییەكان**

ئاماژە جوگرافییەكان كاریگەری ئەرێنی زۆر گەورەیان هەیە لە ڕووە جیاوازەكانەوە، بۆیە جێگای بایەخ پێدانن بە تایبەت لەم سەردەمە كە بەرهەم و جۆرەكانیان زۆر بوون و گواستنەوەی بەرهەمەكان لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر ئاسانە بۆیە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی كە پێشبڕكێی یەكتری بكەن.

ئاماژە جوگرافییەكان ڕۆلێكی باشیان دەبێت لەسەر بە بازاڕكردنی بەرهەمەكان، چونكە ئەم بەرهەمانە كاتێك دەدرێنە پاڵ ئاماژەیەكی جوگرافی جۆرێك لە كوالێتی و ناوبانگیان پێ دەدات؛ بۆیە ئەمە وا دەكات بەكاربەر متمانە بە بەرهەمەكە بكات و بیكڕێت.

لە لایەكی دیكەوە ئاماژە جوگرافیەكە دەبێتە هۆكارێك بۆ دڵنیایی دانە بەكاربەر و دەبێتە دەستەبەریەك بۆ دڵنیابوون لە كوالێتی شتەكان و بەكاربەر دەپارێزێت لە كڕینی ئەو بەرهەمانەی كە كوالێتیان باش نییە و دڵنیاییان تێدا نییە. هەروەك چۆن ئەم ئاماژە جوگرافیانە دەبنە هۆی بوژانەوە و ئاوەدانبوونەوەی ئەو ناوچانەی كە بە بەرهەمەكانیان ناوبانگ دەردەكەن، بەمەش گەشتیاری زیاتر ڕادەكێشن و كاریگەری باشیش لەسەر بوژانەوەی كەرتی گەشتیاری دادەنێت (الهاشمي ٢٠١٨، ١٧).

**٥. جیاكردنەوەی ئاماژەی جوگرافی و تسمیات المنشأ[6]**

كاتێك سەرنج دەدەینە پێناسەی "تسمیات المنشأ" لە ڕێكەوتننامەی لشبۆنە بۆمان بە دیار دەكەوێت كە "تسمیات المنشأ" ناوی جوگرافین واتە "اسم" بەڵام كاتێك سەرنج بدەینە ماددەی 1/22 لە ڕێككەوتننامەی تریبس بۆمان بەدیار دەكەوێت كە ئاماژەی جوگرافی "اشارە" هێما و ئاماژەن، بۆیە ئەم دووانە بەگوێرەی ڕێكەوتننامە نێودەوڵەتەكان لەیەكتری جیاوازن. بەڵام یاسادانەری عێراقی تەنها باسی ئاماژەی جوگرافی كردووە و مەبەستی لێی هێما و ئاماژەی جوگرافییە نەك ناوی جوگرافی چونكە لە پێناسەكەیدا دەڵێت: "ئاماژەی جوگرافی ئاماژەیەكن...".

هەندێك تێكەڵاویان كردووە لەنێوان "تسمیات المنشأ" و "ئاماژەی جوگرافی" هەروەك دەڵێت: "لا جدال في أن المؤشرات الجغرافیة عبارة عن تسمیات أو اشارات ممیزة..." بەڵام لە پێناسەیەی ئاماژەی جوگرافیدا دەڵێت: ئاماژەی جوگرافی "اسم منطقة..." بەڵام اسم و اشارة لە یەكتری جیاوازن، بۆیە "تسمیات المنشأ" ناون: واتە "اسم" بەڵام ئاماژەی جوگرافی "اشارە" هەروەك لە هەردوو ڕێككەوتننامەی لشبۆنە و ڕێككەوتننامەی تریبس بەدیار دەكەوێت.

لە كاتێكدا هەندێكی تر لە توێژەران (حمدان ٢٠١٨، ١٥) بە ڕوونی ئاماژەیان بەوە كردووە كە ڕێككەوتننامەی لشبۆنا حمایەی ئاماژەكان "اشارات" ناكات بەڵكو تەنها حمایەی ناوە جوگرافییەكان دەكات، و ڕێككەوتننامەی تریبسیش تەنها تایبەتە بە پاراستنی هێماكان "الرموز". لایەنێك لەم بۆچوونە پێی وایە كە گشتی و تایبەت لە نێوان ئەم دووانەدا هەیە بە جۆرێك هەموو "تسمیات المنشأ" ئاماژەی جوگرافین بەڵام هەموو ئاماژەیەكی جوگرافی "تسمیات المنشأ" نییە (حمدان ٢٠١٨، ٦).

هەندێكی دیكە لە توێژەران كاتێك دێن جیاوازی لە نێوان هەردووكیان دەكەن، دەڵێن "تسمیات المنشأ" ناوی جوگرافی لەخۆ دەگرێت، بەڵام تسمیات بەوە لە ناوی جوگرافی جیادەكرێتەوە كە ناوی جوگرافی ئەو شوێنەیە كە بەرهەمێكی ناوبانگێكی گەورەی پەیدا كردووە، لە كاتێكدا ناوی جوگرافی تەنها ناوی ئەو شوێنەیە كە شتەكەی لێ بەرهەم هاتووە و ناوبانگی لەگەڵ نییە (شبري ٢٠١٧، ٤٠٢).

بۆچونێكی تر پێی وایە كە ڕێككەوتننامەی تریبس هەم "تسمیات المنشأ" و هەمیش هێماكان"الرموز" دەپارێزێت، ئەوەش بە پشت بەستن بە بڕگەی دووەم لە ماددەی 22ی ڕێككەوتننامەی تریبس كە دەڵێت: "سەبارەت بە ئاماژە جوگرافییەكان، وڵاتانی ئەندام پابەند دەبن بە بەردەست خستنی هۆكارە یاساییەكان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەكان بۆ یاساغكردنی بەكارهێنانی هەر هۆكارێك بۆ ناونان یاخود خستنەڕووی كەل و پەلێك كە وا بگەیەنێت، ئەم كەلوپەلە لە ناوچەیەكی جوگرافی دیاریكراو پێگەیشتووە بێجگە لە شوێنە ڕاستەقینەكەی خۆی، بەشێوازێك خەڵك هەڵبخەڵەتێنێت سەبارەت بە شوێنی جوگرافی ڕاستەقینەی كاڵاكە".

وای ئەبینین كە ئاماژەی جوگرافی واتە دەستنیشانكردنی شوێنێكی جوگرافی دیاریكراو، یاخود پەنجەدرێژكردن بۆ شوێنێكی دیاریكراو، بۆیە دەكرێت ئەم دەستنیشانكردنە بە ناو بێت یان بە هێما و ئاماژە بێت، بۆیە ئەگەر ئێمە بە ناونان و ئاماژە و هێماكان بڵێین ئاماژەی جوگرافی شتێكی گونجاوە، بەڵام پێویستە لە پێناسەكردنیدا ئاماژە بە ناونان و هێما یاخود ئاماژە بكەین"التسمیه أو الاشارە"، چونكە كاتێك دەقێكی یاسایی دەڵێت: ئاماژەی جوگرافی ئاماژەیەكە ئەمە جیاوازە لەوەی بڵێین ناوێكە چونكە دەبێت بزانین هەموو دەقێكی یاسایی ئامانجدارە "(كلام هادف".

**بەشی سێیەم: مەرج و ڕێگا و هۆكارەكانی پاراستنی ئاماژە جوگرافییەكان**

لە میانەی توێژینەوەكانی خستنەڕوو، بۆمان بەدیاردەكەوێت كە پاراستنی هەر ئاماژەیەكی جوگرافی پێویستی بە چەند مەرجێك هەیە، سەرەتا پێویستە مەرجەكان بێنەدی ئەوكاتە دەاتونیین پەنا ببەینە بەر ڕێگا و هۆكارەكانی پاراستنی یاسایی بۆیە لە سێ داواكاری دەیخەینەڕوو:

**یەكەم: مەرجەكانی پاراستنی ئاماژەی جوگرافی**

كاتێك یاسا ئاماژەیەكی جوگرافی دەپارێزێت، ئەگەر ئاماژەكە چەند

مەرجێکی تیابێت، مەرجەکانیش هەندێکیان مەرجی بابەتین و بەشێکی تریان ڕووکارین هەروەك لە خوارەوە دەیان خەینە ڕوو:

**١. مەرجە بابەتیەکان**

**١ــ ناوێکی جوگرافی هەبێت و بەرهەمێکی بدرێتە پاڵ**

بەگوێرەی ماددەی 1/22 لە ڕێککەوتننامەی تریبس پێویستە ئاماژەیەکی جوگرافیمان هەبێت، واتە هێمایەك کە دەلالەت لە شوێنێکی جوگرافی بکات، هەر کات ئەم هێمایە بەکاربهێنرێت بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی ئەم بەرهەمە بەرهەمێ شوێنێکی جوگرافی دیاریکراو، وەك "هێمای پردی دەلال" لە زاخۆ ئەگەر لەسەر بەرهەمەکانی زاخۆ بدرێت، یان ئەگەر "هێمای قەڵای هەولێر" لەسەر بەهەمێك بێت ئەمە دەبێتە ئاماژەیەکی جوگرافی لەسەر ئەوەی بەرهەمەکە هی هەولێرە. بەڵام بەگوێرەی ماددەی 1/2 لە ڕێککەوتننامەی لشبۆنەی ساڵی 1958 پێویستە ناوێکی جوگرافیمان هەبێت و بەرهەمێکی بدرێتە پاڵ، وەك "کاتژمێری سوێسری" و "قاوەی کۆلۆمبی".

**٢ــ بەرهەمەکە لە شوێنە جوگرافییەکە بەرهەم بێت**

پێویستە ئەو بەرهەمە لەو شوێنە جوگرافیە بەرهەم بێت کە دراوەتە پاڵی، و بەتەواوی لەو شوێنە بەرهەم بهێنرێت، بەڵام ئەگەر کەرەستە سەرەتاییەکان لە شوێنە جوگرافییەکە بەرهەم بهێنرێت و لە شوێنێکی تر دروست بکرێت ئەوکاتە نابێت ناوە جوگرافیەکە بدرێتە پاڵ شوێنەکە، بۆ نموونە ئەگەر کەرەستە سەرەتاییەکانی کڵاش لە هەورەمانەوە بکڕدرێن و لە صین کڵاشی پێ دروست بکەن، ناکرێت ئاماژەی جوگرافی "کڵاشی هەورامان"ی بۆ بەکاربێنن. سەبارەت بەم بابەتە کەیسێك لە بەریتانیا هەبوو، کەسێك داوای تۆمارکردنی ناونیشانەکەی دەکات بە ناوی "بۆنی پاریس" بەڵام داواکارییەکەی ڕەدکراوەتەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە بەرهەمهێنانی بۆنەکە هیچ پەیوەندی بە شاری پاریسەوە نییە، بەڵام کەسەکە ئەوە دەکاتە بنەما کە هەموو پێکهاتەکانی گوڵاوەکەی لە پاریس هاوردەکراوە بەڵام ڕەددەکرێتەوە، کەواتە مادام تۆمارکردنی ناوی بازرگانی دروست نەبێت، بە قیاس من باب أولی تۆمارکردنی ئاماژەی جوگرافیش کە هەمان حاڵەتی هەبێت دروست نییە، بەڵام توێژەر ئاماژەی پێنەکردووە (حمدان ٢٠١٨، ٢٢ــ٢٣).

**٣ــکارتێکەرە سروشتیەکانی شوێنە جوگرافیەکە یان کارتێکەرە مرۆییەکانی شوێنە جوگرافیەکە تایبەتمەندیەك بدەنە بەرهەمەکە**

بەگوێرەی ماددەی 2/1 لە ڕێککەوتننامەی لشبۆنە ئەوکاتە یاسا ئاماژەی جوگرافی تۆماردەکات و دەیپارێزێت، ئەگەر کارتێکەرە سروشتی یان مرۆییەکان تایبەتمەندیەکیان بە بەرهەمەکە دابێت، بۆ نموونە کاتێك دەڵێین هەناری هەڵەبجە پێویستە هەناری هەڵەبجە تام یان ڕەنگ یان قەبارەکەی گەورەتربێت لە هەنارەکانی تر، ئەمەش بەهۆی ئاو و هەواو خاکەکەی بێت یان بەهۆی لێزانی و لێهاتووی خەڵکەکەی بێت لەم بوارەدا. دەشکرێت کارتێکەرە سروشتییەکان هیچ کاریگەریان لەسەر بەرهەمەکە نەبێت وەك کاتژمێری سویسری ئەم کاتژمێرە دەکەوێتە ژێر کاریگەری فاکتەرە مرۆییەکان، کە خەڵکەکەی دەستێکی باڵایان هەیە لە پیشەسازی کاتژمێردا و پشتاوپشت بۆیان ماوەتەوە، بەڵام سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی تریبس ئاماژەی بە کارتێکەرە سروشتی و مرۆییەکان نەکردووە، دەکرێت ئەمە بە دەلالەتکردن لەوە لێکبدرێتەوە کە لە ڕێککەوتننامەی تریبس پێویست ناکات شتەکە تایبەتمەندییەکی وای هەبێت لە بەرهەمە هاوشێوەکانی جیاواز بێت بەڵکو ئەوەندە بەسە شتێك بە ئاماژەی جوگرافی شوێنێك ناوبانگی دەرکردبێت.

**٤ــ دەبێت ناوەکە ڕێگەپێدراوبێت**

زۆرێك لە توێژەران ئاماژە بەم مەرجە دەکەن هەرچەند ئەم مەرجە لە زۆرێك لە یاسا نێوەخۆیی و نێودەوڵەتیەکان بە ڕوونی باس نەکراوە، بەڵام ئەگەر باسیش نەکرابێت پشت بە ست بە ئادابی گشتی کۆمەڵگا ئەم مەرجە هەر بە مەرجی پاراستنی ئاماژە جوگرافییەکان دادەنرێت، بۆیە درووست نییە ئاماژەیەکی جوگرافی تۆماربکرێت و بپارێزرێت مادام شتێکی ڕەوا نەبێت.

بۆیە وەك هەندێك لە یاسادانەران دەقیان لەسەر کردووە، یاخود هەندێك لە توێژەران (سلیمان ٢٠١٨، ١٣٩١) لەسەر بنەمای ئەم دەقبەندکردنە پێشنیاریان کردووە کە ئەم مەرجە لە یاسا دەقبەندبکرێت، بە شتێکی پێویستی نابینین، لەبەر ئەوەی سەرجەمی ئەو حاڵەتانەی کە بە ئاماژەی جوگرافی بە ناڕەوا دادەنرێت، خۆیان بە گوێرەی مەرجەکانی پێشووتر ناڕەوان و تۆمار ناکرێن، بۆ نموونە: ئەوکاتە ئاماژەی جوگرافی ناڕەوایە، ئەگەر بەرهەمی شوێنێکی جیاواز بداتە پاڵ شوێنێکی تری جوگرافی ناڕاستەقینە، ئەم مەرجە خودی خۆی لە مەرجەکانی پێشووتر هەیە و پێویستی بە دەقبەندکردن نییە.

**٢. مەرجە ڕووکارییەکان (الحماية الاحترازية)**

**١ــ تۆمارکردن**

ئەگەر بەرهەمێکمان هەبوو، هەڵگری ئاماژەی جوگرافی بوو، بە هەموو ئەو مەرجانەی کە لە پێشتر ئاماژەمان پێیانکرد، ئەوکاتە پێویستە لەسەر ئەو کەسەی دەیەوێت ئاماژە جوگرافییەکە بۆ بەرهەمەکانی بەکاربێنێت، داوای تۆمارکردن بکات و مافەکەی خۆی تۆماربکات، ئەگەر مەرجە بابەتیەکان هەبوون، واتە ئاماژە جوگرافییەکە مشروع بوو و مافەکە تۆمارکرا، ئەوکاتە پاراستنی یاسایی دەیگرێتەوە. بەڵام ئەم تۆمارکردنە هیچ ڕێکارییەکی تایبەتی ناوێت بەڵکو یاسادانەری عێراقی تۆمارکردنی ئاماژەی جوگرافی ملکەچی هەمان احکامەکانی تۆمارکردنی ناونیشانی بازرگانی کردووە، هەر کەسێکیش دەتوانێ داوای تۆمارکردنی ئاماژەی جوگرافی بکات، بە مەرجێك وڵاتەکەی لە یەکێك لە ڕێککەوتننامەنێودەوڵەتییەکان ئەندام بووبێت، یاخود وڵاتەکەی ڕێککەوتنی لەگەڵ عێراق هەبێت، یان بە مامەڵەی هاوشێوە کەسەکە

بۆی هەیە مافەکەی تۆماربکات. [7]

بەڵام تێبینیەکی جوانە کە توێژەر تێبینی کردووە سەبارەت بەوەی نابێت هەمان ئەحکامەکانی ناونیشانی بازرگانی لەسەر ئاماژەی جوگرافی جێبەجێ بکرین، لەبەر ئەوەی ئەم دووانە ئەگەر هەردووکیشیان مافی موڵکداریەتی صناعی بن، بەڵام لە دواجار دوو شتی لەیەکتری جیاوازن (سلیمان ٢٠١٨، ١٣٩٢). دواتریش توێژەر هاتووە ئاماژە بەو هۆکارانە دەکات کە بونەتە پاڵنەر تا پاراستنی ئاماژە جوگرافییەکان ملکەچی هەمان ئەحکامەکانی ناونیشانی بازرگانی بین (سلیمان ٢٠١٨، ١٣٩٥)، چونکە زانینی ئەم هۆکارانە و گرنگیەکەی لەوەدایە کە دەبنە یارمەتیدەرێکی باش بۆ بڕیاردانی هەموارکردنەوەی یاساکە و دەرکردنی ئەحکامی تایبەت بە بابەتەکە.

### 3. ڕێگا و هۆکارەکانی پاراستنی ئاماژەی جوگرافی

ئێمە دوو ڕێگامان لەبەردەمدایە بۆ پاراستنی ئاماژە جوگرافییەکان، ئەوانیش گرتنەبەری ڕێگای پاراستنی سزایی و ڕێگای پاراستنی شارستانیین، بەڵام بەشێك لە توێژەران ڕێگا و هۆکارەکانییان تێکەڵکردووە و لەیەکتری جیا ناکەنەوە، چونکە ئەگەر تەنها دوو ڕێگای یاساییمان هەبێت بۆ پاراستنی ئاماژە جوگرافییەکان، بەڵام هەر ڕێگایەك دەکرێت چەند هۆکارێك بڕیاربدات و بەهۆیانەوە بتوانێت ئاماژە جوگرافییەکان بەدی بێنێت.

بۆ نموونە پاراستنی شارستانی ئاماژە جوگرافییەکان بە سەر سێ جۆرە پاراستن دابەش دەبن، بەڵام هیچ یەکێك لە توێژینەوەکان ئاماژەیان بەم جۆرە پاراستنانە نەکردووە چونکە جۆرەکان کاریگەریان دەبێت لەسەر چۆنیەتی پاراستن و ئەنجامی باشتر بەدەست دێنین، چونکە باشتر دەتوانین هۆکارە وردەکانی پاراستنی ئاماژە جوگرافییەکان بڕیار بدەین.

بۆیە لە دوای ئەوەی ڕێگاکانی پاراستنمان دیاریکردن، ئەم جارە دێین جۆرەکانی پاراستن دیاری دەکەین، کە خۆیان لە "پاراستنی ڕووکاری، پاراستنی بابەتی، پاراستنی ڕێکاری" دەبینەوە، بۆ نموونە تۆمارکردن و "عدم منافسة غير مشروعة" هۆکارێکی بابەتین بۆ پاراستنی شارستانی"ڕێکارییە-اجرائی"، بەڵام قەرەبووکردنەوە بریتییە لە پاراستنێکی ڕووکاری"شکلی"، بەڵام پاراستنە بابەتییەکە "موضوعی" بریتییە لەو پاراستنەی کە لە ڕێگەی ڕێسای بابەتی و قەرینەی قانونییەوە بڕیار دەدرێت، بۆیە ئەم جۆرە دابەشکردنە ورد و باشتر ئەبوو ئەگەر توێژینەوەکان پەیڕەویان کردبایە.

بەشێك لە ڕێگا و هۆکارەکانی پاراستنی ئاماژە جوگرافییەکان بریتیین لە ڕێگا و هۆکاری شارستانی بۆیە ئەم ڕێگا و هۆکارانە سەبارەت بە ئاماژەی جوگرافی دەکرێت بنە ڕێگا و هۆکارێکیش بۆ پاراستنی بەکاربەر، بەڵام توێژەر پرسی پاراستنی بەکاربەر"المستهلك" لەڕێگەی ئاماژەی جوگرافییەوە تەنها لەسەر ڕێگا و هۆکارە سزاییەکان کورتکردۆتەوە، بەبێ ئەوەی باسی ڕێگای شارستانی، یاخود بەبێ ئەوەی باسی هۆکارە شارستانیەکان بکات ( شبری ٢٠١٧)، بەڵام ئەگەر چوارچێوەکەی لە ناونیشانی توێژینەوەکە سنورداركردبایە ئەوکاتە وردتر دەبوو، وەك ئەو توێژینەوەیەی (حمدان ٢٠١٨) کە چوارچێوەی توێژینەوەکەی تەنها لەسەر پاراستنی شارستانییە ، لەو کاتەدا پێویست ناکات باسی ڕێگای سزایی بکەین، بۆیە ناونیشانی توێژینەوەکە زیاتر ورده و سەرکەوتووبووە.

هەروەها یەکێك لە هۆکارەکانی تری پاراستنی ئاماژەی جوگرافی بریتییە لە ڕێگەنەدان بە فرۆشتنی مافی بەکارهێنانی ئاماژەی جوگرافی و چونکە مافەکە هەم مافێکی گشتییە و هەم پەیوەستە بە خودی شوێنە جوگرافییەکە بۆیە ناکرێت خودی مافەکە یاخود مافی بەکارهێنانی بفرۆشرێت، هەروەها مادام مافەکە بە پارە هەڵنەسەنگێنرێت ناتوانرێ دەستی لێ هەڵبگیردرێت، بۆیە باشتر وایە دەقی لەسەر بکرێت.

**ئەنجام**

لە کۆتایی ئەم ڕیڤیوو ئارتیکلە گەیشتن بە چەند ئەنجامێك لە گرنگترینیان:

1) یاسادانەری عێراقی "تسميات المنشأ"ی باس نەکردووە و تەنها ئاماژەی جوگرافی دەپارێزێت.
2) دوو ڕێگامان هەیە بۆ پاراستنی ئاماژە جوگرافییەکان، ڕێگای سزایی و ڕێگای شارستانی.
3) پاراستنی شارستانی ئاماژە جوگرافییەکان بە سەر سێ جۆرە پاراستن دابەش دەبن، بەڵام هیچ یەکێك لە توێژینەوەکان ئاماژەیان بەم جۆرە پاراستنانە نەکردووە چونکە جۆرەکان کاریگەریان دەبێت لەسەر چۆنیەتی پاراستن و ئەنجامی باشتر بەدەست دێنین.
4) ڕێکخستنی ئاماژە جوگرافییەکان شتێکی پێویستە لەبەر ئەو کاریگەریە گەورەیەی کە لەسەر بواره جیاوازەکان دایدەنێت.
5) پشت بەستن بە ئادابی گشتی کۆمەڵگا تاوەکو پاراستنی یاسایی ئاماژەی جوگرافی بگرێتەوە، پێویستە ئاماژەکە ڕەوا بێت، بۆیە هیچ پێویست ناکات یاسادانەر دەقی لەسەر دابنێت.
6) زۆربەی پێناسەکان دێن پێناسەی ئاماژەی جوگرافی دەکەن لە کاتێکدا پێویستە پێناسەی ئەو مافانە بکەن کە لە تۆمارکردنی ئاماژەی جوگرافی دەکەونەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم سەبارەت بە "ئەو مافانەی کە لە تۆمارکردنی ئاماژە جوگرافییەکان دەکەونەوە" توێژینەوەنتر ئەنجام بدرێت، تا بتوانین لە یارمەتی یاسادانەر بدەین لە ڕێکسختنی یاسایی بابەتەکە بە شێوەیەکی ورد.
7) لە کۆتایدا یەکێک لە گرینگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە بە

دەست گەیشتن بریتیە لەوەی کەوا ئەو بەرهەمانەی بە ئاماژەی جوگرافی جیادەکرێنەوە، داخوازی زیاتریان لەسەرە و هۆکارێکی بنەرەتییە بۆ گەشەپێدانی ئابووری وڵات، بۆیە پێشنیار دەکرێت کەوا پێویستە سالانە ڤیستیڤاڵ و پیشانگای تایبەت بە بەرهەمە ناوخۆییەکان ڕێکبخرێت، بە مەبەستی پیشاندانی سەرچاوەی بەرهەم هێنانیان و چۆنیەتی ئامادەکردنیان بۆ ئەوەی بتواندرێت لە پێشێلکاریە دەرەکییەکان بپارێزرێت.

## سەرچاوەکان

### توێژینەوە و نامە زانستیەکان:


1- الصديق عمر الصديق حسن، "الحماية المدنية للمؤشرات الجغرافية" (رسالة ماجستير، جامعة النيلين، 2019).

2- طالب برايم سليمان، "**الاطار القانوني لحماية المؤشرات الجغرافية في اقليم كوردستان**" (العدد:15) [گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین] (2018) 1373.

3- تركي مصلح حمدان، "**الحماية المدنية للمؤشرات الجغرافية وفقا لأحكام التشريعات الأردنية والاتفاقيات الدولية**" المجلد 24 (العدد 2) [المنارة](2018).

4- بن عبد الرحمان الهاشمي، "النظام الإتفاقي الجديد لتسميات المنشأ- اتفاقية لشبونة" (مذكرة ضمن متطلبات نيل شهادة ماجستير، جامعة زيان عاشور بالجلفة،2018).

5- عزيزة شبري، الباحثة حنان مناصرية، "**تسميات المنشأ كضمانة لحماية المستهلك بين النص والتطبيق**" (العدد الرابع العشر) [مجلة الاجتهاد القضائي] (2017).

6- مليكة عون، زينب بحقينة، " النظام القانوني الدولي الاتفاقي للمؤشرات الجغرافية" (مذكرة ضمن متطلبات نيل شهادة ماجستير، جامعة زيان عاشور-بالجلفة،2017).

7- كهينه بوشامه، ليلي بوبدرة، النظام القانوني لتسميات المنشأ ومدي ملائمة للنظام الاقتصادي الجزائري الحالي، رسالة ماجستير، غير منشورة، جامعة عبدالرحمن ميرة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم القانون الخاص، بجاية، 2015م.

8- أحمد محمد أحمد حسن، الحماية الدولية للملكية الفكرية في إطار أحكام إتفاقيات منظمة التجارة العالمية،رسالة دكتوارة، جامعة أسيوط، 2006م.

9- Peter Harvey, "**GEOGRAPHICAL INDICATIONS: THE UNITED STATES' PERSPECTIV**" (Vol. 107) No. 5 [Trademark Reporter](2017)<vol107_no5_a2Z_harvey.pdf (inta.org)> Fri Nov 27 2020.

10- **Protection of** "Dian Ety Maya sari, **Geographical Indications as a Form of** "**Consumer Rights Protection** Vol.35 ( No 1)[Yuridika](2020).


### ڕێککەوتننامە و یاساکان

1- قانون العلامات والبيانات التجارية المعدلة لسنة 1957

2- قانون تعديل قانون العلامات والبيانات التجارية رقم 21 لسنة 1957، بموجب أمر رقم 80 الصادر: 26-4-2004.

3- اتفاقية لشبونة لسنة 1967<WIPO Lex> 7-12-2020.

4- إتفاقية باريس لحماية الملكية الصناعية 1883م.

5- إتفاقية الجوانب المتصله بالتجارة من حقوق الملكية الفكرية (تربس) 1994م.

### پەراوێزەکان

١_ لە میانەی گەڕان بەدوای بابەتی توێژینەوەکەمان بۆمان بەدیار کەوت کە توێژەرێك: الصديق عمر الصديق حسن، "الحماية المدنية للمؤشرات الجغرافية" (رسالة ماجستير، جامعة النيلين، 2019) لە چەندین شوێن زانیاریەکانی ڕاستەوخۆ لە توێژینەوەی استازمان "پ.ی.د.تاڵب" وەرگرتووە و بەبێ ئەوەی کە ئاماژەی پێ بکات هەروەك لە لاپەڕەی 24 کە توێژەر کەوتۆتە هەڵە چونکە عێراق نیە و ئاگادار نەبووە بەو ڕووداوانەی کە ڕوویانداوە، بۆیە ئەو بەروارەی کە پۆل برێمەر هەوڵی گۆڕینی سیستەمی ئابوری عێراقی داوە و بریتییە لە ساڵێك بەر لە داگیرکردنی عێراق بە گوێرەی نووسینی توێژەر.(بەراورد بە لاپەڕەی 1357 و 1383 و 1382 لە توێژینەوە ئەصلیەکە).د.تالب (پ 1) 1357و 1383 و 1382.

٢_ کەواتە ئاماژەی جوگرافی واتە دەستنیشانکردنی شوێنێکی جوگرافی دیاریکراو، یاخود پەنجەدرێژکردن بۆ شوێنێکی دیاریکراو، بۆیە دەکرێت ئەم دەستنیشانکردنە بە ناو بێت یان بە هێما و ئاماژە بێت، بۆیە ئەگەر ئێمە بە ناونان و ئاماژە و وێنە وهێماکان بڵێین ئاماژەی جوگرافی شتێکی گونجاوە، بەڵام زۆرێك لە فقهو یاسادانەری عێراقی و ڕێککەوتننامەی تریبس تەنها بە ئاماژە و هێماکان دەڵێن ئاماژەی جوگرافی.

٣_ توێژەر لە لاپەڕەی 1381 دەڵێت: "لا جدال في أن المؤشرات الجغرافية عبارة عن تسميات أو اشارات مميزة..." بەڵام لە پێناسەکەی خۆی دەڵێت: ئاماژەی جوگرافی "اسم منطقة..." بەڵام اسم و اشارە لە یەکتری جیاوازن، بۆیە "تسميات المنشأ" ناون واتە "اسم" بەڵام مۆشراتی جوگرافی "اشارة" هەروەك لە هەردوو ڕێککەوتننامەی لشبۆنە و ڕێککەوتننامەی تریبس بەدیار دەکەوێت. د.طالب برايم سليمان (پ 1) 1380.

٤_ فقرة 6 من مادة 1 من قانون تعديل قانون العلامات والبيانات التجارية رقم 21 لسنة 1957، بموجب أمر رقم 80 الصادر: 26-4-2004.

٥ ــ سەبارەت بە دەقی یاسا و ڕێککەوتننامەکان، پێویستە بگەڕێینەوە سەر سەرچاوە بنەرەتییەکان، واتە سەر خودی یاساکە یان خودی ڕێککەوتننامەکە، بەڵام هەندێك لە توێژەران هاتونە ئاماژە بە حوکمی ڕێککەوتننامەی تریبس دەکەن و دەڵێن: "ألزمت اتفاقية تريبس البلدان الأعضاء رفض أو إلغاء تسجيل علامة تجارية إذا كانت تحمل مؤشرا جغرافيا يهم المستهلك بأن تلك السلعة محمية في أراضي دولة أخرى"، بەڵام کاتێك سەیری سەرچاوەکەی ئەکەین ئەبینین ڕاستەوخۆ ئەم قسەیەی لە سەرچاوەیەکی تر وەرگرتووە. بەهیچ شێوەیەك توێژەر نەگەڕاوەتەوە سەر ڕێککەوتننامەی تریبس تا بزانێت ئەم حوکمە دروستە یاخود نا. لەبەر ئەوەی سەرچاوەکە شتێکی بڵاوە و بەردەستیشە، بۆیە هیچ پاساوێك نییە کە ئێمە پشت بە سەرچاوەیەکی تر ببەستین، مادام بتوانین بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە ئەصلیەکە، بەتایبەت لە بابەتێك کە بریتییە لە "دەق" نەك شتێکی فقهی. بە هەمان شێوە استدلال بە ڕێککەوتننامەی لشبۆنە دەکات بەڵام توێژەر دەقی ڕێککەوتننامەکەی نەبینیوە، هەرچەند ئەمە مانای دەستپاکی توێژەریش دەگەیەنێت کە ئەمانەی علمی پاراستووە، چونکە توێژەر هەیە زانیاریەکان وەردەگرێت و ئاماژە بە سەرچاوەی ڕەسەن دەکات بەبێ ئەوەی بەبێ ئەوەی بۆی گەڕابێتەوە. دکتورة عزيزة شبري، الباحثة حنان مناصرية، "**تسميات المنشأ كضمانة لحماية المستهلك بين النص والتطبيق**" (العدد الرابع العشر) [مجلة الاجتهاد القضائي] (2017) 403 و 404.

٦ ــ زۆرێك لە توێژەران جیاوازی نێوان عەلامەی بازرگانی و ناونیشانی بازرگانی و تمسیاتی منشأ و چەند بابەتێکی تری لەیەك نزیك لەگەڵ ئاماژە جوگرافییەکان دەکەن، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە جێگای سەرنج و بایەخی زۆربوو، بریتیبوو لە جیاوازیکردن لە نێوان ئاماژە جوگارفییەکان و تسمیاتی منشأ.

٧ــ مادة 24/1/أ من قانون العلامات والبيانات التجارية المعدلة لسنة 1957.

**Abstract**

Geographical indications, which are branches of intellectual property, are a set of signs placed on goods in such a way as to indicate their geographical origins, which have their own set of characteristics. Although geographical indications have been used since ancient times to distinguish and identify the products of a place, the history of legal regulation of geographical indications and their recognition as an intellectual property, different from objective rights, is not distant.

Geographical indications are considered as one of the most important tools to protect national products, so they should be protected legally. Iraqi law has a position on geographical indications but does not mention "appellations of origin" while "appellations of origin" is considered as a part of geographical indications and must be protected. This review article attempts to present the concepts and characteristics of geographical indications in Iraqi law and international agreements, and then explains conditions, methods and reasons for the protection of geographical indications.

Finally, one of the most important results that achieves is that the products distinguished by geographical indications are in greater demand and are a fundamental factor for the development of the country's economy. So, it is recommended that annual festivals and exhibitions for local products organized to show the source of their should be production and how they are prepared so that they can be protected from external violations.

**Keywords: Geographical references, legal protection, international agreements, geographical locations, geographical names, products and goods.**